

محەمەدی مەلا کەریم

# رۆژگارێک لەگەڵ شەفەقدا



هەرچەند لە وەختێکی ناوەختدا ئەم قسانە لەسەر کۆواری شەفەق دەکەین، چونکە تەندروستیم زۆر خراپە، دوو مانگە لە جێگەدا کەوتووم، بەڵام یادەوەریی خۆم لەگەڵ شەفەقدا نەنووسیوەتەوە. لەبەر ئەوە خۆم نیازم هەروابوو، بە بۆنەی دەرچوونی کۆواری نەوشەفەقەوە شتێک هەر بنووسم و ئەو یادگارییانە بنووسمەوە، چونکە کارکردنی من لە کۆوارەکەدا نە لە سەرەتا و نە لە کۆتاییدا بوو، بەڵکو لە ناوەڕاستدا بوو.

من کە لە بەندیخانە دەرچووم، بۆ کەرکووک هاتم، کۆواری شەفەق دەرچووبوو، کۆمەڵێک رۆشنبیری ئەو کاتە دەریان دەکرد، خوالێخۆشبووان "شێخ مارفی بەرزنجی،

شێخ حوسێنی بەرزنجی، د. مارف خەزنەدار، شێخ قادر بەرزنجی، کە خاوەنی بوو".

من بە پێی عادەتی خۆم لە هەر کوێیەک کۆوارێک، یا ڕۆژنامەیەک دەربچوایە، حەزم دەکرد تێیدا بنووسم، ویستم هاوکارییان لەگەڵدا بکەم و بۆیان بنووسم، بۆیە یەک دوو شتم بۆ ناردن، بەڵام بڵاویان نەکردەوە، زوو تێ گەیشتم لە کۆوارەکەیان دەترسن، وەختی پاشایەتی بوو، من کابرایەک بووم لە بەندیخانە، بە تۆمەتی شیوعیەت دەرچووبووم. ترسی ئەوەیان هەبوو ئەگەر شتێکم بۆ بڵاو بکەنەوە وا دەزانن هاوکارییان لەگەڵدا دەکەم، حکوومەت ئەو شتە لە بەرچاو بگرێ و چاو بخاتە سەر کۆوارەکە، منیش گوێم نەدایێ.

تاکو ١٤ی تەمووز هیچم نەنووسی، تەنیا بانگەوازێک نەبێت بۆ دیوانی مەولەوی، کە بەدەستمانەوە بوو ئامادەی بکەین، بانگەوازێکم بڵاو کردەوە کێ شیعری مەولەوی لایە تاکو بینووسینەوە و بیخەینە سەر دیوانەکە. کەس هیچی نەنارد.

## لە بەندیخانە دەرچووم، بۆ کەرکووک هاتم، کۆواری شەفەق دەرچووبوو

١٤ی تەمووز هاتە پێشەوە، محەمەد ساڵح دیلان و د. مارف خەزنەدار چووبوون بۆ هاوینەهەواری دووکان، شێخ قادریش کە ١٤ی تەمووز بوو، کۆوارەکەی بەدەستەوە نەبوو، زۆری پێ ناخۆش بوو، دەیویست ژمارەیەکی لێ دەربکات. هات بۆ ماڵمان، وتی: مەلا محەمەد «هەمیشە ئاوای گاز دەکردم» زوو ژمارەیەکی شەفەق دەربکە، ئەوا ١٤ی تەمووز رووی داوە و منیش نامەوێت کۆوارەکەم لەناوا نەبێت.

گوتم: بەسەر چاو. بەڵام دەترسم ئەو برادەرانە پێیان ناخۆش بێت.

گوتی: پێیان ناخۆش بێت بەینی خۆیانە، کۆوار کۆواری منە.

هەر هەمان ڕۆژ ئێوارە چووم بۆ ئیدارەی شەفەق لەسەر پردەکەی ئیمام قاسم. ئەو کات نووسینگەی پارێزەریی نووری تاڵەبانی و

موکەڕەم تاڵەبانی بوو، ئیدارەی کۆوارەکە لەوێ بوو، چووم دۆلابی کۆوارەکەم کردەوە و هەرچی مەوادی تێدا بوو هەمووم خستە کیسەیەکەوە و هێنامنە ماڵەوە لە بەرتەکیە.

دووراودوورمان لە ماڵی شێخ فاتیحی تاڵەبانی گرتبوو، کە دەیڕوانییە سەر چاپخانەی بلاغ. باوکیشم لە تەکیە دادەنیشت. ئیتر بابەتەکانم تاوتوێ کردن و هەڵم سەنگاندن. وتارێک نووسرابوو بە ناوونیشانی "حەمەدۆک"، حەمە کەریم فەتحولا نووسیبووی، دەربارەی قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی بوو، سێ چوار وتاری باشی تێدا بوو، دام گرتن. هەندێک شتی ساردوسڕیشی تێدا بوو، لام بردن. داوام لە شێخ موکەڕەم و مارف بەرزنجی و نووری تاڵەبانی کرد، سەر و وتارێک بنووسن، خۆشم وتارێکم نووسی، داواشم لە فاتیحی برام کرد ئەویش وتارێکی نووسی.

فەهیمە کچی عەبدولڕەحمان ئەو رابیتەی بەرگری لە مافی ئافرەتی هەبوو، داوام لەویش کرد وتارێک بنووسێت. لە چوار پێنج رۆژدا وتارەکانم ئامادە کرد و بردمن بۆ چاپخانەی شیمال، کە لەوێ چاپ دەکرا. ژمارەیەکمان دەرکرد و پیرۆزبایی ١٤ی تەمووزمان تێدا کردبوو.

ئیتر بەو شێوەیە بەردەوام بوو، پێوەندیم بە نووسەرانی لێهاتوو و سیاسەتمەدارانەوە کرد، تا شتمان بۆ بنووسن.

٢٠٠٩/٩/١٧ سلێمانی